# چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئارامگرتن

## حل المشاكل بالصبر

< كوردي >

عەبدوالملک ئەلقاسم

عبد الملك القاسم

وەرگێڕانی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة: بشتيوان صابر عەزيز

# چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئارامگرتن

هەر کاتێك گوێبیستی وشەی موسیبەت دەبیت، ئەوە لە بەرامبەریدا ووشەی ئارامگرتن دێت، وە ئەگەر ئەوەش نەبێت، کێشەکان زۆر دەبن و بێ ئومێدی ڕوی تێدەکردین، بەڵام خوای گەورە بە سۆز ومیهرەبانی خۆی لەگەڵ بەندەکانی ئارامگرتنی کردوەتە چارەسەرکردنی موسیبەت وکێشەکان.

وە ئارامگرتن یەکێکە لە پلە و پایەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە پلەیەکە لە پلەکانی ڕێبواران، وە کەنزێکە لە کەنزەکانی بەهەشت، خوای گەورە ئەجرو پاداشتێکی گەورەی داناوە بۆ ئارامگرەکان، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ [الزمر: 10].

واتا: بەڕاستی تەنها دان بەخۆدا گران بێ ژمارە پاداشتیان دەدرێتەوە.

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: {عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ: إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ} رواه مسلم.

واتا: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت: (کار و باری بڕوادار جێی سەرسوڕمانە، هەموو کار و فرمانێکی هەر مایەی خێرە بۆی، ئەمەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لەباوەڕدار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی ببێت سوپاسی خوا دەکات دەبێتە مایەی خێر بۆی، خۆ ئەگەر توشی زیانمەندی ببێت ئارام دەگرێت هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی).

وە نابێت گومان ببرێت کەوا موسیبەتەکان بۆ نمونە تەنها بریتین لە مردن و تەڵاق، بەڵکو هەرشتێك ببێتە مایەی داخ و غەم و پەژارە ئەوە موسیبەتە.

وە ئەگەر موسڵمان ئارام نەگرێت لەسەر موسیبەت ئەوە ئەجر و پاداشتی لە دەس دەچێت.

وە رازی بوون بە قەزا و قەدەری خوای گەورە پلەی بەرزترە لە پلەی ئارام گرتن، بۆیە دەبێت رازیبین بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ [التوبة: 51].

ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ هیچمان تووش نابێت بێجگە لەوەی کە خوا نوسیویەتی بۆمان خوا پشتیوانی ئێمەیە وە بڕواداران با تەنها پشت بەخوا ببەستن.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە ئارامگرتن تەنها ڕاناوەستێت لەسەر تەحەمولکردنی موسیبەت و نارەحەتیەکانی، بەڵکو ئارامگرتنە لەسەر چارەسەر کردنی و گەڕانەوەی کارەکان و ڕێکخستنیەتی، وە دەکرێت ئارامگرتنی چارەسەرکردنەکە بریتی بێت لە: بانگەوازکردن بۆ لای خوای گەورە، یان پەروەردەوە خۆشگوزەرانی، یان گەڕانەوەی ژن و مێرد بۆ یەکتر لە پاش ڕودانی کێشە لە نێوانیاندا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: دەرئەنجام و ئاکامی ئارامگرتن بە چاکە وبەختەوەری وئەجر و پاداشت تەواو دەبێت، بۆیە دەبێت مرۆڤی موسڵمان سیفەتی ئارام گرتن لە خۆی بە دی بکات. ( وەرگێڕ ).